# ڕۆڵی گرافیک دیزاین لە گەیاندنی پەیامی پەیوەندییە گشتییەکاندا
## (توێژینەوەی هەڵێنجراو)


**پ.ی.د. کاروان عەبدوڵڵا محەممەد**

karwan.muhammad@univsul.edu.iq

**بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی**

**ئارام مەحموود ئەحمەد**

aram.ismail@univsul.edu.iq

**خوێندکاری ماستەر، بەشی ڕاگەیاندن- پەیوەندییە گشتییەکان، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی**



**بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٥/٢٠**

**بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٦/٢٥**



**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە ئامانج لێی زانینی ڕۆڵی گرافیک دیزاینە لە گەیاندنی پەیامی پەیوەندییە گشتییەکان، بە تایبەتی دیزاینی پێگە ئەلیکترۆنییەکان، کە لە ئێستادا ئاسانترین و خێراترین ڕێگەی پەیوەندیکردنە ، چونکە لە سەردەمی نوێدا جەماوەر بە شێوەیەکی بەرفراوان تەکنەلۆژیای نوێ و لەناویدا (پێگە ئەلیکترۆنییەکان) بەکار دەهێنێت.

توێژەر بە ئامانجی گەیشتنە ڕاستییەکان و کۆکردنەوە و وەسفکردن و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە گرافیک دیزاین و کاریگەری لەسەر گەیاندنی پەیامی پەیوەندییە گشتییەکان، میتۆدی وەسفی بە پشت بەستن بە ئامرازی شیکاری ڕواڵەتی و سەرچاوەی زانستی شیکاری بۆ پێگە ئەلیکترۆنییەکانی زانکۆکانی (سلێمانی، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، هەڵەبجە) کردووە.

توێژەر بەو دەرەنجامە گەیشتووە، کە گرافیک دیزاین لە گەیاندنی پەیامی پەیوەندییە گشتییەکاندا ڕۆڵی سەرەکی هەیە، چونکە هۆکارە بۆ سەرنجڕاکێشی، هاندانی بەکارهێنەر بۆ مانەوەی زیاتر لە پێگەکەدا و هۆکارێکە بۆ گۆڕینی ڕای بەکارهێنەر لەسەر دامەزراوەکە، هەروەها لە ڕێگەی گرافیک دیزاینەوە گەیاندنی زانیارییەکان ئاسانتر دەبن و دەبنە هۆی پتەوکردنی پەیوەندی.

لەبارەی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی زانکۆکانەوە لە رووی دیزاینی ڕووکاری بەکارهێنەرەوە پێگەی ئەلیکترۆنی زانکۆکانی سلێمانی، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، هەڵەبجە کەمترین کەموکورتییان هەیە، کە هۆکارێکە بۆ گەیشتنی پەیامی پەیوەندییە گشتییەکان و پێگەی هەر سێ زانکۆکە لە دیزاینی پێگەکانیاندا پێکهێنەرەکانی پێگەی ئەلیکترۆنییان بەکارهێناوە، کە خاڵێکی ئەرێنییە بۆ زانکۆکان، بەڵام لەڕووی ئەزموونی بەکارهێنەرەوە، پێگە ئەلیکترۆنییەکانی ئەو زانکۆیانە گرفتیان هەیە و بەکارهێنەر لە کاتی سەردانکردنیدا ناتوانێت بگاتە هەندێک زانیاری، چونکە هەندێک لە بەشەکان زانیارییان تێدا بڵاونەکراوەتەوە، یاخود زانیاریی هەڵەیان تێدایە. هەروەها هەڵە تەکنیکییەکان لە ڕووکاری بەکارهێنەردا بە جۆرێکن کە

ئاستەنگ بۆ بەکارهێنەر دروست دەکەن و دەبنە هۆی بێزارکردنی بەکارهێنەر و کەمتر مانەوە لە پێگەکەدا و کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەیاندنی پەیام دەبێت.

**کلیلە وشەکان: گرافیک، گرافیک دیزاین، پەیام، پەیوەندییە گشتییەکان، دیزاینی پێگەی ئەلیکترۆنی.**

**پێشەکی**

گرافیک دیزاین پێکهێنەرێکی گرنگ و سەرەکیی دیزاینی پێگەی ئەلیکترۆنییە و دەتوانرێت وەک ئامرازێک بۆ دروستکردنی پەیوەندی بەکار بهێنرێت، ئەویش نەک تەنیا بۆ جوانکاری، بەڵکوو ڕۆڵی لە گەیاندنی پەیامەکانی پەیوەندییە گشتییەکان هەیە، لەبەر ئەوە گرافیک دیزاین ڕۆڵی گرنگی دەبێت لەسەر مانەوەی وێنەی زەینی دامەزراوە.

تەکنەلۆژیای زانیاری بە شێوەیەکی گشتی و پەیوەندیکردن بە شێوەیەکی تایبەت یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی دامەزراوە، ئامانجی سەرەکیی پەیوەندییە گشتییەکان ناساندنی دامەزراوەکەیە، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدات زۆرترین ئامراز بۆ گەیشتن بە جەماوەرەکەی بەکار بهێنێت، بۆ ئەو مەبەستە پێگەی ئەلیکترۆنی گونجاوترین ئامرازی ئەم سەردەمەیە بۆ پەیوەندیکردن، تا ئەو پێگەیە چالاکتر بێت و لە ڕووی دیزاینەوە بە شێوەی زانستی دیزاین کرابێت باشتر دەبینرێت، لەو ڕوانگەیەوە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان پێویستە ڕووبەڕووی ئاڵنگارییە هاوچەرخەکان ببنەوە و بە شێوەیەکی بەسوودتر گرنگی بە پێگەی ئەلیکترۆنی زانکۆکان بدەن بۆ گەیاندنی کار و چالاکییەکانیان و مانەوەی ناسنامەی دامەزراوەکە لە زەیندا.

بۆ سوود بینینی زیاتری زانکۆکان لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان پێویستە گرنگی زیاتر بە گرافیک دیزاینی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بدرێت، بە شێوەیەک کە هاوڕێی بەکارهێنەر بێت و سەردانکەر لە کاتی سەردانکردنیدا بێزار نەبێت، چونکە پێگەی ئەلیکترۆنی ڕێگەیەکی گرنگە بۆ گەشەدان بە پەیوەندییەکان و وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی بەکارهێنەران.

لەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتە سەر بنەماکانی گرافیک دیزاین و دیزاینی پێگە ئەلیکترۆنییەکان و ئەو بابەتانەی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی زانکۆ حکومییەکان بڵاو دەکرێنەوە، هاوکات گشتاندنی بنەماکان بەسەر ئەو پێگانەدا بۆ زانینی ئاستی ڕەچاوکردنی بنەماکان و کوالێتی دیزاینی لاپەڕەی پێگەکان.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵ دەدات ڕۆڵی گرافیک دیزاین لە گەیاندنی پەیامی پەیوەندییە گشتییەکاندا ئاشکرا بکات و لەبەر ڕۆشنایی ئەو کێشەیە دەکرێت پرسیارەکانی توێژینەوەکە خۆیان ببیننەوە لە:

1. ئایا گرافیک دیزاین ڕۆڵی هەیە لە گەیاندنی پەیامی پەیوەندییە گشتییەکاندا لە پێگە ئەلکترۆنییەکانی زانکۆکانی (سلێمانی، پۆلیتەکنیک، هەڵەبجە)؟
2. ئەرکی گرافیک دیزاین و دیزاینی پێگەی ئەلیکترۆنی لە گەیاندنی پەیامی پەیوەندییە گشتییەکانی سێ زانکۆکەدا چییە؟

sjh@univsul.edu.iq

3. بەکارهێنانی پێکهێنەرەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی زانکۆکان لە چی ئاستێکدایە؟

4. ڕووکاری بەکارهێنەر و ئەزموونی بەکارهێنەری پێگەی ئەلیکترۆنی زانکۆکان تا چەندێک هاوڕێی بەکارهێنەرن؟

**دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە**

1. زانینی ڕۆڵی گرافیک دیزاین لە گەیاندنی پەیامی پەیوەندییە گشتییەکان لە پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا.
2. هەڵسەنگاندنی ڕووکار و ئەزموونی بەکارهێنەر لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی زانکۆکانی سلێمانی، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، هەڵەبجە.
3. دیاریکردنی ئاستی بەکارهێنانی پێکهێنەرەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی هەر سێ زانکۆکە.
4. دیاریکردنی کێشە تەکنیکییەکانی ڕووکاری بەکارهێنەر لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی زانکۆکان.

**سێیەم: گرنگیی توێژینەوەکە**

1. **گرنگیی ئەکادیمی:** ئەم توێژینەوەیە کەلێنێک لەنێو کتێبخانەکانی ناوەندە ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستان پڕ دەکاتەوە و دەبێتە بەرچاوڕوونییەک بۆ پێگەی ئەلیکترۆنی زانکۆکان.
2. **گرنگیی پراکتیکی:** بەرچاوڕوونییەک دەدات بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان، بەتایبەتی زانکۆکان تا لەوە بەئاگا بن کە گرافیک دیزاین چی ڕۆڵێکی لە دروستکردنی پەیوەندیدا هەیە.
3. **گرنگیی بۆ کۆمەڵگە:** بەرچاوڕوونی دەدات بە کۆمەڵگە لە ڕووی ڕێکارەکانی دروستکردنی گرافیک دیزاین و تێگەیاندنی کۆمەڵگە لە ئامانج و مەبەستەکانی گرافیک دیزاین و گەیاندنی پەیامی بینراو پێیان، هەروەها بۆ زانکۆکان لەوە بەئاگا دەبن کە دیزاین تا چەندێك کاریگەرە لەسەر گەیاندنی پەیام.
4. **گرنگیی پیشەیی:** لەڕووی پیشەییەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی گرنگ بۆ گرافیک دیزاینەران بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی ئەکادیمی لە گرافیک دیزاین تێبگەن و بنەماکانی جێبەجێ بکەن، هەروەها کارمەندانی پێگەی زانکۆکان لە داڕشتن و دیزاینی پەیامەکانیاندا سوودی لێ وەردەگرن.

**چوارەم: میتۆد و ڕێکارەکانی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە بە پشت بەستن بە ئامرازی شیکاری ڕواڵەتی، کۆمەڵی توێژینەوەکەش بریتییە لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی زانکۆ حکومییەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، سامپڵی توێژینەوەکەش بریتییە لە زانکۆکانی (سلێمانی، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، هەڵەبجە) لە ماوەی نێوان (2024/10/1 تا 2024/12/31)، ئەو ماوەیەش لەبەر ئەوەی سەرەتای خوێندنەوە و خوێندکاران زیاتر سەردانیان دەکەن بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری هەڵبژێردراوە.

**پێنجەم: دیاریکردنی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە**

1. **ڕۆڵ:** لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە ڕۆڵ، ڕوونکردنەوەی ئەو کار و ئەرکانەیە کە گرافیک دیزاین دەیگێڕێت بۆ گەیاندنی پەیام.
2. **گرافیک دیزاین:** لەم توێژینەوەیەدا مەبەست گرافیک دیزاینی پێگەی ئەلیکترۆنییە.

sjh@univsul.edu.iq

**3. پەیامی پەیوەندییە گشـــتییەکان:** لەم توێژینەوەیەدا مەبەســـتی توێژەر پەیامەکانی پەیوەندییە گشـــتییەکانە کە لە ڕێگەی گرافیک دیزاینەوە هەوڵی گەیاندنیان دەدات.

**دوانزەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو:**

1. **شـــۆخان ئەبووبەکر عەلی (2023)**، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشـــانی (بەکارهێنانی بنەماکانی گرافیک دیزاین لە پێگەی ئەلیکترۆنی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان)، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستووە و بە ڕێبازی شـیکاری ناوەڕۆک هەوڵی داوە چۆنێتی بەکارهێنانی گرافیک دیزاین لە پێگەی ئەلیکترۆنیدا دەربخات. (زانکۆی سلێمانی، زانکۆی ڕاپەڕین) وەک سامپڵ وەرگیراون. ئامانجی لێی گەڕانە بە دوای بەکارهێنانی بنەماکانی گرافیک دیزاین لە پێگەی ئەلیکترۆنیدا و بەو دەرەنجامە گەیشتووە، کە بنەمای هاوسەنگی یەکسان، دژیەکی، پلەبەندی، دووبارەکردنەوە، ڕێکخستن، بەهای وێنە، جەختکردنەوە، دووبارەکردنەوە، ڕەنگ بەکارهاتووە.(عەلی، 2023)
2. **سـەرکەوت ئەحمەد محەممەد (2023)**، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشـانی (کاریگەریی دیزاین لە گەیاندنی پەیامی میدیایی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا) و توێژەر میتۆدی وەســـفی هەڵبژاردووە و ڕێبازی ڕووپێوی بەکارهێناوە. ســـامپڵەکەی بریتییە لە ڕۆژنامەنووسانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییە ڕۆژنامەوانییەکانی ناو شـاری سلێمانی، هاوکات چاوپێکەوتنیشـی ئەنجام داوە. ئامانجی ســەرەکیی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاســتی کاریگەریی دیزاینە لەســەر گەیاندنی پەیامی میدیایی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و بەو دەرەنجامە گەیشـتووە، کە دیزاینی پێگەی ئەلیکترۆنی کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەســەر توانای گەیاندنی پەیامی میدیایی بە وەرگری پێگە ئەلیکترۆنییەکان. هەروەها دیزاین لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا لە ئاستێکی خراپدایە و کاریگەر و هاوکار نییە لە گەیاندنی پەیامی میدیایی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا.(محمد، 2023)
3. **Hendrik N.J. Schifferstein, Mailin Lemke, Alie de Boer (2022)**، توێژینەوەکە بە ناونیشـانی ( An benefits on food packaging exploratory study using graphic design to communicate consumer) ئەم توێژینەوەیە لێکدانەوە بۆ کاریگەرترین شــێوازی پەیوەندی بە هۆی گرافیک دیزاینەوە دەکات، توێژەران پێیان وایە دەبێت دیزاینەر توخمە جیاوازەکان لەبەرچاو بگرێت و هاوسەنگیان بکات و بە پەیڕەوکردنی پلەبەندییەکی بینراو ڕێگە بە بینەر بـدات بە خێرایی لە نـاوەڕۆکی پەیـامی دیزاینەکە تێبگـات. لە توێژینەوەکەدا میتۆدی تـاقیکـاری بەکـارهـاتووە و کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ئەمریکایە و ئامرازی ڕاپرســی ئۆنلاینیان بەکارهێناوە بۆ دیزاینی پاکەتی ســێ بەرهەم و بۆ هەر بەرهەمێـک بە هەڕەمەکی 500 فۆڕمیـان دابەش کردووە. لە گرنگترین ئـامـانجەکـانی توێژینەوەکە بریتین لە لێکدانەوەی گرافیـک دیزاین بۆ گەیـاندنی پەیـام و کـاریگەری گرافیـک دیزاین لەســـەر تێگەیشــــتنی بەکارهێنەران و بەو دەرەنجامە گەیشـتوون کە لە پرۆسـەی کڕینی بەرهەمە خۆراکییەکاندا بەکارهێنەران تەنیا گرنگی بەو زانیاری و ئاماژانە دەدەن کە لە دیزاینەکەدا پێشــکەش دەکرێن و ڕســتە کورتەکان پەیامەکان باشــتر دەگەیەنن و توخمەکانی وەک تایپۆگرافی و ڕەنگ لە دیزایندا کاریگەریی ئەرێنییان هەبووە.(Schifferstein, et al, 2022)
4. **هدیل محمد احمد مصـــطفی (2017)**، توێژینەوەکە بە ناونیشـــانی (أثر التصـــمیم الجرافیكي في قابلیة اســـتخدام المواقع الالكترونیة للجامعات الأردنیة)، توێژەر میتۆدی وەسـفی ڕێبازی شـیکاری بەکارهێناوە و کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتی بووە لە پێگەی ئەلیکترۆنیی زانکۆکانی ئوردن و ســـێ زانکۆی بە نموونە وەرگرتووە و فۆڕمی ڕاپرســـی بەکارهێناوە.

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی تواناى بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی زانکۆکانی ئوردنە لەلایەن خوێندکارانەوە و بەو دەرەنجامە گەیشـــتووە کە خوێندکاران ڕازین لە تواناى بەکارهێنانی ئەو پێگە ئەلیکترۆنییانەی دیاریکراون و ئاســـتی گرافیک دیزاین لەو پێگانەدا لە ئاستێکی بەرزدا بووە.(مصطفی، 2017)

5. **محمد اســـفندی (2016)**، توێژینەوەکە بە ناونیشـــانی (تولید محتوا و ارتباطات گرافیکی، کاربرد ارتباطات گرافیکی در تولید دانش روابط عمومی ها) ئەم توێژینەوەیە گرنگی بە بەرهەمهێنانی شـێوازێکی نوێی ناوەرۆک و گواسـتنەوەی پەیام لەلایەن پەیوەندییە گشـتییەکانەوە دەدات لەڕووی کاریگەریی گرافیک بۆ سـەرنجڕاکێشـان و مانەوەی پەیام لە هزردا. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسـفی بە کار هێنراوە و پشـتی بەسـتووە بە تێبینیکردن و ڕووماڵی ئۆنلاین. ئامانجی سـەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی ڕۆڵی گرافیک لە گەیاندنی پەیام و پەیوەندیی وێنەیی بۆ گواستنەوەی پەیام و سەرنجڕاکێشان، هاندان و قایلکردنی جەماوەری پەیوەندییە گشتییەکان و بەو دەرەنجامە گەیشتووە، کە پەیوەندییە گرافیکییەکان لە گەیاندنی پەیام و ڕاکێشـــانی ســـەرنجدا ڕۆڵی کاریگەرتریان هەیە و گرافیک ئامرازێکی گرنگە بۆ گەیاندنی پەیام و گەیشـــتنە ئامانج.(اسفندی، 2016)

## بەشی دووەم: گرافیک دیزاین و دیزاینی پێگەی ئەلیکترۆنی

### یەکەم: گرافیک دیزاین

1. **پێناسە و ناساندنی گرافیک دیزاین**

گرافیک دیزاین بریتییە لە پەیوەندیکردنی بینراو و وەك پیشـــەیەکی پەیامســـازی لە پەیوەندییە گشـــتییەکان و ڕاگەیاندندا پێناســـەی جۆراوجۆری لە دیدی جیاوازەوە بۆ کراوەم لێرەدا توێژەر ئەو پێناســـانە دەخـاتەڕوو، کە لە نـاونیشـــانی توێژینەوەکەوە نزیکە. لە ناساندنێکدا هاتووە، کە "گرافیک دیزاین، بوارێکی هونەرییە، لە ڕووی تەکنیکییەوە بەکارهێنانی جۆراوجۆری هەیە. بۆ هێنانەدی و گەیاندنی پەیامی جیاواز لەسـەر ڕووکاری جۆراوجۆری وەك شـاشـەی کۆمپیوتەر، کە هەموو ئەو ڕووکارانە لە پێناو گەیاندنی پەیامێکی تایبەتی بە بینەر لە ڕێگەی گرافیکەوە ئەنجام دەدرێت".(افروز و فغانی، 2013، ص8)

بەپێی پێناسـەیەکی دیکە "هونەری بەکارهێنانی ڕەنگ، شێوە، هێڵ و پێکهاتەکانی تر بۆ داڕشتنی پەیامێک و برەودان بەو پەیامە. ئەوەش کۆکراوەی بنەماکانی پەیوەندیی زانستی بینین و جوانییە بۆ گەیشتن بەو دەرەنجامەی کە تێگەیشتنی ورد و خێرا دروست دەکات و کار دەکات لەسەر ڕەفتار و سۆز".(شلار، 2021، ص15)

لە لایەکی ترەوە گرافیک دیزاین بریتییە لەو داهێنانەی کە هونەر و تەکنەلۆژیا ئاوێتە دەکات بۆ گەیاندنی بیرۆکە، دیزاینەر کار دەکات لەسەر کۆمەڵێک ئامرازی پەیوەندی بۆ گەیاندنی پەیامێك.(عید، 2014، ص128)

2. **ئەرکی گرافیک دیزاین**

گرافیك دیزاین وەك ئامرازی گەیاندنی پەیام کۆمەڵێك ئەرکی تێدا دەبینرێتەوە، ئەو کەسەی کاری لەسەر دەکات پێویستە ئەو ئەرکانەی لە پێش چاو بێت، ئەرکەکانیش بریتین لە:(الساعي، 2020، ص46)

أ. جوانی بەخشی.

ب. ڕاکێشانی سەرنج.

sjh@univsul.edu.iq

ج. هێزی مانەوەی وەرگر لەسەر ئەوەی نیشانی دەدات.

د. ئاسانکردنی ناوەرۆکی پەیام.

ە. گەیاندنی زانیارییەکان بە وەرگر.

**3. گرنگیی گرافیک دیزاین**

لە ژیانی هاوچەرخدا گرافیک دیزاین بە یەکێک لە بنچینە هونەرییەکانی ژیان دادەنرێت، لەبەر ئەوەی ئەستەمە هیچ کارێک بێ دیزاین دەربکەوێت و بناسرێت، زیاد لەوەش هەر کارێك کە دەناسرێت بنچینەی ناسراوییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دیزاینەکەی، لێرەوە دەکرێت گرنگیی گرافیک دیزاین بەشێوەیەکی گشتی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بخرێتەڕوو:(بەهمەن، 2020، لا30-32)

أ. **سەرنجڕاکێشان:** دیزاین یەکەمین جێگە نیگای وەرگر، یان بینەرە کە لە هەر شوێن و ساتێك، بۆ هەر شتێك سەرنجی وەرگر ڕادەکێشێت، وەك ئەوەی کاتێك دەچیتە سەر پێگەیەکی ئەلیکترۆنی، بێ گومان دیزاینەکەی سەرنجت ڕادەکێشێت.

**ب. گەیاندنی پەیام:** گرافیک دیزاین دەتوانێت پەیام بە شێوازێکی کاریگەر بگەیەنێت و پەیوەندی لە نێوان بەرهەم و جەماوەردا دروست بکات، دیزاینەر دەتوانێت لەڕێگەی دیزاینێکی نایابەوە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ پەیام بگەیەنێت.

**ج. دروستکردنی جیاوازی:** دیزاینێکی باش هۆکارە بۆ مانەوە لە ناو ڕکابەرەکاندا، هەریەك لە (ڕەنگ، تایپۆگرافی، شێوە،...هتد)، ڕۆڵی گرنگیان هەیە بۆ دیزاینێکی کاریگەر و دروستکردنی جیاوازی.

**4. ئامانجەکانی گرافیک دیزاین:**(عەلی، 2023، لا436)

أ. گونجاندنی بابەتەکان لەگەڵ سیاسەتی بڵاوکراوەکەدا.

ب. دانانی بابەتەکە بە جۆرێک لەگەڵ ئەو ڕووبەرەدا بگونجێت کە لە پێگە ئەلیکترۆنییەکەدا دانراوە.

ج. دروستکردنی گونجاندن و هارمۆنیەتێک لە نێوان توخمەکان.

د. دانانی بابەتێک بە شێوەیەک سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و چێژ لە خوێندنەوەی وەربگرێت.

ە. پێدانی ناسنامە و ڕووخساری تایبەت و جیاکردنەوەی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی تر.

**5. سوودەکانی گرافیک دیزاین**

أ. سەرنجڕاکێشان: لە ڕێگەی دیزاینەوە دەتوانرێت سەرنج ڕابکێشرێت.

ب. ناسینەوەی براند: دروستکردنی وێنەیەکی زەینی لەبیرنەکراو لای بەکارهێنەر لە ڕێگەی دیزاین و کارە هونەرییەکانەوە دەکرێت و ناوی براند لە یادگەدا دەمێنێتەوە.

ج. لەسەر بنەمای ئەوەی کە وێنە جێگەی سەدان وشە دەگرێتەوە، گرافیک دیزاینیش دەتوانێت هەمان ڕۆڵ ببینێت.

د. گرافیک دیزاین کۆمونیکەیشنێکی بینراوە و دەبێتە هۆی ئەوەی پەیامەکان خێراتر بە وەرگر بگەن و ئاسانتر تێگەیشتنیان بۆی هەبێت و لە یەك کاتدا مامەڵە لەگەڵ چاو و بیرکردنەوە دەکات.(مستەفا و ڕەحمان، 2021، لا134)

ە. جوانکاری، بۆ بێزارنەبوونی بینەر یەکێکە لە ئامانجەکانی گرافیك دیزاین و ئەوپەڕی جوانی بە پەیامسازی دەبەخشێت.

و. ئاسانکاری بۆ خوێندنەوە، لەڕێگەی یاریکردن بە ڕەنگەکان و کاڵ و تۆخکردنیان.(احمد، 2023، لا30)

ز. ئاگادارکردنەوە، گرافیک دیزاین خوێنەر لەبابەتە گرنگەکان ئاگادار دەکاتەوە و لەناو شێوە گشتییەکەدا زیاتر گرنگی پێ دەدات.(حیاوي، بدون سنة، 30)

**6. بنەماکانی گرافیک دیزاین**

لە گرافیک دیزایندا ژمارەیەکی زۆر بنەما و ڕێسا بوونیان هەیە و پێویستە ڕەچاو بکرێن، کە گشتگیرترین پۆلێن بریتییە لە:

أ. **هاوتایی:** دابەشکاری یەکسانی فۆرم و بۆشاییەکانە و جۆرەکانی بریتین لە (هاوتایی تاکلا، هاوتایی دوو لایەنە، هاوتایی تیشکدانەوە.(محمدی و دیگران، 2013، ص96)

ب. **هاوسەنگی:** لە گرافیک دیزایندا هاوسەنگی بریتییە لە دانانی مەبەستداری شتەکان لەسەر لاپەڕەیەک،( Dubner & Stewart, 2014, P35)هەروەها بریتییە لە کێشی بینراوی توخمەکان لە کۆمپۆزیشندا، لە پاڵ جێبەجێکردنی بنەماکانی دیکەدا پێویستە بتوانین توخمەکان بە شێوازێک ڕێکبخەین کە هاوسەنگی بینراوی دیزاینەکە پارێزراو بێت.(بەهمەن، 2020، لا224) جۆرەکانی بریتین لە (هاوسەنگی یەکسان، هاوسەنگی نایەکسان، هاوسەنگی بازنەیی)(عەلی، 2023، لا437)

ج. **جووڵە:** هیچ دیزاینێک لە جووڵە بەدەر نییە و زیاتر لاوەکییە (واتا دیزاینەکە ناجووڵێت)، بەڵکوو دیزاینەر پەنا دەباتە بەر دووبارەکردنەوەی هەمان بابەتی جووڵاو بە شێوازی جیاواز وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە دەجووڵێت.(العربي، 2008، ص60)

د. **دژیەکی:** بریتییە لە کارلێکی نێوان ڕەگەزە دژیەکەکان، دەربڕی دوانە دژیەکەکانە: گەورە و بچووک، زبر و نەرم، بەرز و نزم، ڕووناک و تاریک.(الشعراوي و سيف‌الدين، ٢٠٢٠، 42)

ه. **پلەبەندی:** پلەبەندی وەکو دەستگرتنی خوێنەر وایە. خوێنەران ئاراستە دەکات کە سەرەتا سەیری کوێ بکەن و گرنگترین زانیاری چییە و لە ڕێگەی نەخشەکەوە دەیانباتە ئەو شوێنەی کە دیزاینەرەکە ئارەزوو دەکات، بچن.( Graver & Jura, 2012, P68)

و. **دووبارەبوونەوە:** دووبارەبوونەوەی توخمەکان لە گرافیک دیزایندا جۆرێک لە بەردەوامی، جووڵە و جەختکردنەوە دەخاتە ڕوو. بۆ نموونە قوتووی خواردنەوەی گازی کۆکاکۆلا، کە دووبارەکردنەوەی یەک شێوە و نووسینە.(عيد، 2014، ص131)

ز. **ڕێکخستن:** گۆڕینی ڕێژەی نێوان بارستە و بۆشاییەکان یارمەتیدەرە بۆ بەخشینی مانا پێیان. ئەو توخمانەی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، پێکەوە کۆ بکرێنەوە و ئەوانەی جیاوازن، جیا بکرێنەوە.(Samara, 2011, P51)

ح. **یەکگرتوویی:** واتا یەکگرتوویی نێوان پێکهاتەکانی دیزاین، کە دەبێت پەیوەندییەکی بیر لێ کراوە لە نێوان پێکهێنەرەکاندا هەبێت و نابێت پەیوەندییەکە بە ڕێکەوت بێت. یەکگرتوویی بریتییە لە بەشداری سەرجەم پێکهاتەکان.( العربي، 2008، ص82)

ط. **جۆراوجۆری:** بنەمای جۆراوجۆری بەکار دەهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی گرنگیپێدانی بینەر، دەتوانرێت بە توخمی جیاجیای وەک رەنگ، دەق، وێنە و شێوە و ... هتد بەرهەم بێت. گرنگە کاتێک ئەم بنەمایە بەکار دێت، زێدەڕەوی تێدا نەکرێت، چونکە دەبێت هۆی ئاڵۆزی لە دیزاینەکەدا و لەدەستدانی ئەو ئامانجەی دیزاینەکە لە پێناویدا کراوە.(شلار، 2021، ص60)

ي. **جەختکردنەوە:** جەختکردنەوە بریتییە لە ڕێکخستنی توخمە بینراوەکان بەپێی گرنگی، جەختکردنەوە لەسەر باڵادەستی هەندێک توخم بەسەر هەندێکی تردا.(Landa, 2019, P25) گرنگترین توخم لە لاپەڕەکەدا دەبێت دیارترین بێت.(Graham, 2005, P12)

ك. **نزیکایەتی:** نزیکایەتی واتا دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان توخمەکان لە ڕێگەی تایبەتمەندی دیاریکراوی وەک ڕەنگ، جۆر، قەبارە و هێڵ و ئەمە هاوکار دەبێت لە پێکهێنانی پەیوەندی بینراو لە نێوان توخمەکاندا.(شلار، 2021، ص56)

ل. **بەها:** لە دیزایندا، شارەزایی لە قەبارەی توخمێک، یان شێوەیەکە، کە پەیوەندیدارە بە توخمەکان، یان فۆرمەکانی تر لەناو دیزاینەکەدا، بەهاکەی لەسەر بنەمای پەیوەندییە ڕێژەییەکان لە نێوان فۆرمەکاندا دامەزراوە، شێوازی بەکارهێنانی بەها دەتوانێت پەیوەندی بە تێگەیشتنمانەوە هەبێت لە قەبارەی ڕێژەیی ڕاستەقینەی شتەکان.(Landa, 2011, P34)

**دووەم: پێگەی ئەلیکترۆنی**

**1. پێناسە و ناساندنی پێگەی ئەلیکترۆنی**

پێناسەی زۆر بۆ پێگەی ئەلیکترۆنییەکان کراوە، لێرەدا دوو پێناسە دەخرێنەڕوو، لە ناساندنێکدا بریتییە لە کۆمەڵێک لاپەڕە و دەق و وێنە و پارچەی ڤیدیۆیی پەیوەندیدار لە پەیکەرێکی یەکگرتوو و ئاوێتەدا، ئامانجی خستنەڕوو و وەسفکردنی زانیاری و داتای لایەنێک، یان دامەزراوەیەکە، بە شێوەیەک کە دەستپێڕاگەیشتنی کات و شوێنی بۆ نییە و ناونیشانێکی تاکی هەیە و لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی تر جیای دەکاتەوە.(عەلی، 2023، لا435)

لە پێناسەیەکی دیکەدا بریتییە لەو ڕووبەرە ئەلیکترۆنییەی بە ناوێکی دیاریکراوەوە لە تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی ئینتەرنێتدا داگیرکراوە و زانیارییەکان لە شێوەی دەق، وێنە، گرافیک، دەنگ، دەنگ و ڕەنگی جووڵاو و نەجووڵاوی تێدا بڵاو دەکرێتەوە.(مصطفى، 2017، ص 9)

**2. بنەماکانی دیزاین لە پێگەی ئەلیکترۆنیدا**

بۆ دیزاینکردنی پێگەیەکی ئەلیکترۆنی کۆمەڵێک بنەما هەن کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێن، بریتین لە:

أ. **بەکارهێنانی ئاسان:** دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی توخمی بێسوود، یان ئەو توخمانەی لە دیزایندا پێویست نین.(Knight, 2019, P74)

ب. **گونجاوی و بەکارهێنانی توخمە ناسراوەکان:** بەکارهێنانی توخمە ناسراوەکان لای بەکارهێنەر لە دیزایندا هەستی ئاسوودەیی پێ دەبەخشێت و لەسەر پێگەکە ئەزموونی ئەو شتانە دەکات کە فێریان بووە.

ج. **بەکارهێنانی پلەبەندی:** پلەبەندی ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدات تیشک بخاتە سەر ئەوەی لە پێگەکەدا گرنگە، ئەویش لە ڕێگەی ڕەنگ، قەبارە و شوێنی هەر توخمێک بەراورد بە توخمەکانی تر.(مصطفى، 2017، ص٣٥-36)

د. **هاوسەنگی:** بریتییە لە دابەشکردنی دروستی توخمەکان لە دیزاینی پێگەیەکی ئەلیکترۆنیدا.(vizonsdesign, 2021)

ه. **یەکگرتوویی:** دیزاینی یەکگرتوو ئەو دیزاینەیە کە بە گشتی کار بکات، نەک وەک پارچەی جیاواز بناسرێتەوە.(Milosevic, 2024)

و. **نزیکایەتی:** ئێمە هەست بە پەیوەندی نێوان توخمەکانی دیزاین دەکەین، بە سادەیی ڕێکخستن و گرووپکردنی توخمەکان، دەتوانێت ئەزموونی بەکارهێنەر لەگەڵ پێگەکەدا بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر بکات.(Lowdermilk, 2013, P63-64)

ز. **دووبارەکردنەوە:** دووبارەبوونەوەی ڕەنگ، شێوە، پێکهاتە، یان توخمە هاوشێوەکان یارمەتیدەرە بۆ بەستنەوەی دیزاینی لاپەڕەی پێگەی ئەلیکترۆنی بەیەکەوە بۆ ئەوەی هەست بە یەکەیەکی یەکگرتوو بکرێت.

ح. **بەردەوامی:** کاتێک چاوەکانمان بە ئاراستەیەک دەجووڵێن، مەیلیان هەیە بە درێژایی ئەو ڕێگایە بەردەوام بن تاوەکو تایبەتمەندییەکی باڵادەستتر دەبینن. بەردەوامبوون یەکێکە لەو شێوازە باوانەی دیزاینەران بۆ یەکخستنی دیزاینێک بەکاری دەهێنن.

ط. **جەختکردنەوە:** بریتییە لە تایبەتمەندییەک کە سەرنجی بینەر ڕابکێشێت.

ي. **دژیەکی:** دژیەکی بە یەکخستنی توخمە گرافیکییە جیاوازەکان پێناسە دەکرێت و باوترین ڕێگەیە بۆ دروستکردنی جەختکردنەوە.(Gillis, 2021)

ك. **بەها:** بەها بنەمایەکی دیزاینە کە پەیوەندی بە جیاوازی قەبارەی شتەکانەوە هەیە.( Beaird, George, 2014, P27 & 29)

### 3. ڕووکاری بەکارهێنەر (user interface) (UI)، ئەزموونی بەکارهێنەر (User experience) (UX)

بۆ دیزاینی پێگەی ئەلیکترۆنی پێش ئەوەی ڕەنگ و فۆنتەکان دیاری بکرێن، گرنگە ئامانجەکانی پێگەکە دەستنیشان بکرێن، چۆن بەکار دەهێنرێت؟ سەردانکەران چۆن بەناویدا دەگەڕێن؟ ئەم ئەرکانە دەکەونە ژێر دیسیپلینەکانی دیزاینی ڕووکاری بەکارهێنەر (UI) و دیزاینی ئەزموونی بەکارهێنەر (UX).

ئامانجی دیزاینی ڕووکاری بەکارهێنەر ئەوەیە کە پێگە ئەلیکترۆنییەکە ئاسان و کارا و هاوڕێی بەکارهێنەر بن، هەروەها دیزاینی ئەزموونی بەکارهێنەر ئەوەیە کە بەکارهێنەران بۆ گەشتکردن بە ناوەرۆکی پێگەکەدا بەکاری دەهێنن. جۆرەکانی ڕووکاری بەکارهێنەر بەپێی تایبەتمەندی پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەگۆڕێن، گرنگترین جۆرەکانی بریتین لە ڕووکاری بەکارهێنەری گرافیکی (GUI)، ڕووکاری بەکارهێنەری دەنگ (VUI)، ڕووکار کە بەهۆی مێنیوە بەڕێوە دەبرێت (MENU UI).(Coursera, 2024)

### 4. گرنگیی توخمە گرافیکییە بینراوەکان لە دیزاینی پێگەی ئەلیکترۆنیدا

دیزاینی بینراو ئامڕازێکە بەکار دەهێنرێت بۆ پەیوەندیکردن لە ڕێگەی دیجیتاڵ میدیاوە. لەبەر ئەوە پێگەی ئەلیکترۆنی میدیایەکی بینراوە و لاپەڕەکانی پێویستیان بە گرنگیدان بە دیزاین هەیە. گرافیک دیزاینەر گرنگترین توخمە بینراوەکان لە دیزاینی پێگەی ئەلیکترۆنیدا دروست دەکات، کە بریتین لە:(تایپۆگرافی، ڕەنگ، نەخش، خاڵ، هێڵ، شێوە، قووڵی، وێنە) و لە ڕێگەیانەوە بەکارهێنەران پەیوەندی لەگەڵ پێگەکە دەبەستن..(Rutter, 2017, P4)

### 5. پێکهێنەرەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی

پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەڕووی پەیام، جەماوەر و شێوازی خستنەڕووی زانیارییەکان جیاوازن، لەبەر ئەوە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەڕووی دیزاین و پێکهێنەرەکانییەوە جیاواز بن، بەڵام پێکهێنەرە سەرەکییەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی بریتین لە (هێدەر، لۆگۆ، شریت، ناوەرۆک، بۆشایی سپی، فوتەر)(حسن، 2016، ص122)

**سێیەم: پەیوەندییە گشتییەکان**

### 1. پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان

بۆ پێناسەکردنی پەیوەندییە گشتییەکان، زانایان، سەندیکا و کۆمەڵەکان پێناسەی جیاجیایان بۆ کردووە. لەو پێناسانەی لە ناونیشانی توێژینەوەکەوە نزیکە، پەیوەندییە گشتییەکان بریتییە لە ئەنجامدانی کاری باش و بەسوود و گەیاندنی ئەو کارانەیە بە جەماوەر.(طاهری، 2021، ص١٢) لە پێناسەیەکی دیکەدا تیشک خراوەتە سەر پەیوەندییەکان و بریتییە لە "بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی دامەزراوەیەک و ئەو جەماوەرەی لەگەڵ ئەو دامەزراوەیەدا مامەڵە دەکەن".(ویلکاکس و دیگران، 2021، ص7) هەروەک بەوە پێناسە کراوە کە "پەیوەندییە گشتییەکان پرۆسەیەکی ستراتیژی پەیوەندیکردنی سوودبەخشە لە نێوان دامەزراوە و جەماوەردا".(Smith, 2014, P9)

### 2. ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان

گرنگترین ئەرک و ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بریتین لە:

أ. دروستکردنی وێنەی زەینی ئەرێنی لای جەماوەر بەرامبەر دامەزراوەکە.( الشمري، 2011، ص20)

ب. بەدەستهێنانی ناوبانگی باش بۆ دامەزراوە و پاڵپشتیکردنی وێنە زەینییەکەی.( اللبدي، 2015، ص58)

ج. بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەری ناوخۆ و دەرەوەی دامەزراوە.( الصحن، 2014، ص41)

د. گەشەپێدانی لێکتێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان دامەزراوە و جەماوەردا.( ویلکاکس و دیگران، 2021، ص8)

ه. هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی دامەزراوە لە رووی مادی و مەعنەوییەوە.

و. گەشەپێدانی هەستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی لای جەماوەر.( الزعبي و السمعيات، ص34)

ز. بەدەستهێنان و پاراستنی ڕەزامەندی جەماوەر بۆ دامەزراوە و چالاکی و بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی.(عقيلان، 2015، ص19)

### 3. ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان

پەیوەندییە گشتییەکان کۆمەڵێک ئەرکی هەیە و چەند پۆلێنێکی جیاجیایان بۆ کراوە و زانایان بە شێوازی جیاجیا باسیان کردوون و هەر یەکێک لەو پۆلێنانە گرنگی خۆیان هەیە و لەو ئەرکانەی پێویستە پەیوەندییە گشتییەکان ئەنجامیان بدات بۆ ئەوەی کارەکانی لەسەر بنەمای زانستی بەجێ بگەیەنێت، بریتین لە:

أ. **توێژینەوە:** پەیوەندییە گشتییەکان کار دەکات بۆ کۆکردنەوە، شیکار و توێژینەوە لەبارەی رایگشتی و زانینی ئاراستەکانیان.( اللبدي، 2015، ص63)

ب. **بەرهەمهێنان:** بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە و کردنەوەی پێشانگا و سەردان و دەرکردنی بڵاوکراوە و بەرهەمهێنانی فیلم و وێنەی پێویست بۆ رێنمایی و مەشقپێکردن، یان بۆ زیاتر کردنی متمانەی جەماوەر لە رێگەی ئاگادار کردنەوەیان لە

sjh@univsul.edu.iq

چالاکییەکانی دامەزراوەکە دەگرێتەوە، هەروەها ئامادەکردنی ئامرازەکانی کات بەسەر بردن بۆ پڕ کردنەوەی کاتە بەتاڵەکان کارمەندان.(یحیایی ایلەای، 2019، ص55)

ج. **پلاندانان:** مەبەست لێی دیاریکردنی ئامانجە کورت مەودا و درێژمەوداکانە لەبەر رۆشنایی توێژینەوەکانی ڕابردوو، هەروەها دانانی بەرنامەی جێبەجێکردن و دیاریکردنی بودجەی پێویست بۆی، لەگەڵ رەچاوکردنی کاتی گونجاو و دابەشکردنی کارەکان بەسەر کەسانی شارەزادا.(یحیایی ایلەای، 2017، ص101-102)

د. **رێکخستن و پەیوەندی:** واتا پەیوەندی لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان، کۆمەڵگە، کارمەندانی ناوخۆی دامەزراوە و جەماوەری دەرەوە، گفتوگۆ و بەڕێوەبردنی دژیەکییەکان، ناوبژیوانی بە مەبەستی چارەسەری دژیەکی نێوان کۆمەڵگە و دامەزراوە، ڕێکخستنی کۆبوونەوە و سمینار، هەروەها ڕێکخستنی کاروباری پەیوەندیدار بە سەرگەرمی و کاتەکانی پشووی میوانان و سەردانکەران.( تنچ و یئومانز، 2019، ص85)

ە. **بەڕێوەبردن و مەشق:** واتا بەڕیوەبردنی پەیوەندییە گشتییەکان خۆی و بەشە جیاجیاکانی و هاوکاری بەشەکانی تری دامەزراوەکە بە مەبەستی پاراستنی پەیوەندی باش، وەک پشکداری لە هەڵبژاردنی کارمەندان و مەشقپێکردنیان.(حافظ، 2009، ص٣٧)

## 4. پەیامی پەیوەندییە گشتییەکان

لەو لایەنەوە کە بەستنی پەیوەندی و گەیاندنی پەیام کرۆکی چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان پێکدەهێنێت، بەرپرسانی پەیوەندییە گشتییەکان پێویستە بە باشی ئامراز و کەناڵەکانی پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگە بناسن و زانیارییان لەبارەی شێوازی بەکارهێنانیان هەبێت، بۆ ئەوەی لە کاتی هەستکردن بە پێویستی پەیوەندیکردن بە باشی بتوانن بریار بدەن کە کام کەناڵانە بە کام شێواز بەکار بهێنن. هەڵبژاردنی کاریگەرترین و گرنگترین ئامرازی پەیوەندی بابەتێکی هەستیارە، چونکە ئەو توانایە بە کادرانی پەیوەندییە گشتییەکان دەدەن بۆ ئەوەی پەیامەکەیان بگەیەنن.

### أ.مۆدێلەکانی پەیوەندی لە پەیوەندییە گشتییەکاندا

ژمارەیەک لە شارەزایانی پەیوەندییە گشتییەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر جێبەجێکردنی سەرجەم بەرنامەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بە مۆدێلێکی دیاریکراو، کەواتە دەبێت مۆدێلی سەرەکی و باڵادەست بەسەر بەرنامە و ستراتیژەکانی پەیوەندیدا دیاریکراو بێت و سوود وەرگرتن لە سەرجەم مۆدێلەکان لە بارێکدا ڕێگەپێدراوە، کە دژی مۆدێلی سەرەکی نەبێت. گرنگترین مۆدێلەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بریتین لە (مۆدێلی ئاژانسەکانی هەواڵ، مۆدێلی زانیاریی گشتی( تنچ و یئومانز، 2019، ص312)، مۆدێلی هاوسەنگ، مۆدێلی ناهاوسەنگ(قاضی، 2013، ص18)، مۆدێلی پیشەسازی پەیوەندییە گشتییەکان، مۆدێلی پسپۆڕانەی پەیوەندییە گشتییەکان، مۆدێلی دوو لایەنە (دوو ئاراستە)، مۆدێلی تێکەڵاو، مۆدێلی دوو لایەنەی نوێ).(محمدپور2019، ص76-78)

### ب. ئامرازەکانی پەیوەندی لە پەیوەندییە گشتییەکاندا

ئامرازی پەیوەندی لە پەیوەندییە گشتییەکاندا گرنگی زۆری هەیە بۆ گەیاندنی پەیام لە کاتی گونجاودا، چونکە پەیوەندی لە پەیوەندییە گشتییەکاندا بریتییە لە کرداری گواستنەوەی زانیاری، بیروڕا و ڕاستییەکان لە تاک، یان دامەزراوەوە لە ڕێگەی

ئامرازەکانی پەیوەندییەوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی. لە گرنگترین ئامرازەکانیش بریتین لە (ئامرازەکانی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ، ئامرازەکانی پەیوەندیی ناڕاستەوخۆ)(صالح، 2016، ص28-29)

**ج. مۆدێلەکانی گەیاندنی پەیام لە پەیوەندییە گشتییەکاندا**

هەموو چالاکییەکی ستراتیژی پەیوەندییە گشتییەکان پێویستی بە ڕاگەیاندنە گشتییەکانە. کۆمەڵێک مۆدێلی زۆر بوونیان هەیە کە ڕێنمایی بەڕێوەبەرانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکاندا دەکەن، کە چۆن سوود لە ڕاگەیاندنە گشتییەکان بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان وەربگرن. ئەو مۆدێلانە بریتین لە (مۆدێلی گواستنەوە، مۆدێلی تەشریفات، مۆدێلی بانگەشە / سەرنجڕاکێشان، مۆدێلی پەسەندکردن)(اولیور، 2012، ص111)

**د. ناوەرۆکی پەیامەکانی پەیوەندییە گشتییەکان**

پەیامی پەیوەندییە گشتییەکان بریتییە لە نووسینی بابەتێک، یان وێنەیەک، یان گرافیکێک، یان بەرهەمهێنانی گرتەیەکی ڤیدیۆیی، بۆ بڵاوکردنەوە، بۆ ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار ئاگاداری کار و چالاکییەکانی دامەزراوەکە بن. ناوەرۆکی پەیامی پەیوەندییە گشتییەکان پێکدێت لە (گەیاندنی هەواڵ و زانیاری، گەیاندنی ڕاستییەکان، هەڵبژاردنی باشترین ئامراز، ئاسانی و ڕەوانی پەیامەکان، سەرنجڕاکێشی، تایپۆگرافی).( موسی، 2014، ص27)

**5. گرنگیی گرافیک دیزاین لە گەیاندنی پەیامی پەیوەندییە گشتییەکاندا**

بینین لە هەموو هەستەکان دەباتەوە. نیوەی سەرچاوەکانی مێشک تەرخان کراوە بۆ بینین و لێکدانەوەی ئەوەی دەیبینین. ئەوەی چاوەکانمان لە ڕووی جەستەییەوە هەستی پێ دەکەن تەنیا بەشێکە لە چیرۆکەکە. ئەو وێنانەی دێنە ناو مێشکمانەوە دەگۆڕدرێن و لێکدەدرێنەوە. بەڕاستی ئەوە مێشکی ئێمەیە کە "دەبینێت". بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییە بینراوەکان، گرافیک دیزاینەر دەبێت سەرەتا لە "بینین" تێبگات. پەرەپێدانی ئەم دیسیپلینە، یان هەستی بینراو هاوشێوەی فێربوونی زمانێکی نوێیە کە ئەلف و بێ و فەرهەنگ (وشەسازی) و ڕستەسازیی تایبەتی خۆی هەبێت. ئاڵنگاری ئەوەیە کە گرافیک دیزاینەر داتاکان بکاتە زانیاری و زانیاری بگۆڕێت بۆ پەیامی مانادار. گرافیک دیزاینەر قسە دەکات، دەبێت بزانێت کام وشە بەکار بهێنێت و چۆن پێکەوە بەکاریان بهێنێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر پەیامەکەی بگەیەنێت. گرافیک دەتوانێت بینراوی پەیوەندیدار بە چاپ، وێنە، تابلۆ، ئینفۆگرافیک، .... لەخۆ بگرێت. لەبەرچاوگرتنی لایەنی گرافیک لە زۆرینەی چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکاندا پێویستە و کاریگەری زیاتری چالاکییەکانی لێدەکەوێتەوە.(محمدپور، 2019، ص86)

بەکارهێنانی گرافیک دیزاین بۆ گەیاندنی پەیامی پەیوەندییە گشتییەکان بایەخێکی تایبەتی هەیە لە ڕووی: (ویلکاکس و دیگران، 2021، ص493-494)

أ. دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنج بۆ پەیامی دامەزراوەکە.

ب. هاندانی بەکارهێنەر بۆ کار و چالاکییەکی دیاریکراو.

ج. هاوکاری بۆ گۆڕینی ڕا بەرامبەر دامەزراوە.

د. بەستن و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە لە ڕێگەی گەیاندنی زانیارییەوە.

ه. ئاگادارکردنەوە لە کار و چالاکییەکانی دامەزراوە.

و. خستنەڕووی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان، بۆ نموونە نووسین و گرافیک.

ز. پێگەی ئەلیکترۆنی دامەزراوە، کە کاریگەری لەسەر گەیاندنی پەیامی دامەزراوە هەیە.

**6. ئەرکی گرافیک دیزاین لە پەیوەندییە گشتییەکاندا**

گرافیک دیزاین تەنیا پەیوەندیدار نییە بە پەیوەندیی بینراوی چالاک، بەڵکوو ئەو پەیوەندییەیە کە گرافیک دیزاینەر بەرهەمی دەهێنێت لە ڕێگەی دەرهێنان، یان ڕێکخستنی وێنە و دەقەوە بۆ کردنە ئامانجی چینێکی دیاریکراو. گرافیک دیزاین چەند ئەرکێکی هەیە، لەو ئەرکانە:

أ. دیزاینی شاشە: بۆ نموونە دیزاینکردنی پێگەی ئەلیکترۆنی دامەزراوە، کە گرنگە بۆ دروستکردنی پەیوەندی.

ب. گەیاندنی پەیامی ورد، کە داتا و زانیارییەکان لە شێوەی گرافیکدا دیزاین دەکرێن.( Gavin & Harris, 2009, P118 & 122)

ج. تێکەڵکردن: واتا تێکەڵکردنی قسەکردن، زمانی نووسراو و وێنەسازی لە پەیامێکدا.(Hembree, 2009, P14)

د. تەواوکاری: ئەرکێکی گرافیک دیزاین زیادکردن، جەختکردنەوە، یان تەواوکەری پەیامە دەنگی، یان نووسراوەکەیە.

ه. جەختکردنەوە: گرافیک دیزاین جەخت لەسەر پەیامە دەنگی، یان نووسراوەکان دەکاتەوە.

و. دووبارەکردنەوە: گرافیک دیزاین پەیامەکان دووبارە دەکاتەوە، دەتوانێت بە تەنیایی پەیامێکی هاوشێوەی پەیامی دەنگی، یان نووسراو پیشان بدات، بۆ نموونە خستنەڕووی ئامار لە شێوەی گرافیکێکدا.

ز. ڕێکخستن: بۆ خستنەڕووی داتا و ئامار لە شێوەی گرافیکدا.

ح. جێگرتنەوە: گرافیک دیزاین دەکرێت وەک جێگرەوەی پەیامێکی دەنگی، یان نووسراو بەکار بهێنرێت. بۆ نموونە خستنەڕووی کار و چالاکییەکانی دامەزراوە بە گرافیک.(کارشاما، 2005، ص77-79)

ط. پاراستنی ناسنامەی دامەزراوە: گرافیک دیزاین بەکار دەهێنرێت بۆ دروستکردنی (ناو، هێما، لۆگۆ)، کە ناسنامەی دامەزراوەن.(عمیرات، 2019، ص10-12)

## بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی

**شیکاری بۆ پێگەی ئەلیکترۆنیی زانکۆکانی سلێمانی، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، هەڵەبجە**

توێژەر بە مەبەستی لێکدانەوەی ئاستی کارایی ڕووکاری بەکارهێنەر و ئەزموونی بەکارهێنەری پێگەی ئەلیکترۆنیی زانکۆکانی (سلێمانی، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، هەڵەبجە) بۆ مانگەکانی تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی 2024، بەپێی بنەما زانستییەکان شیکار کردووە. ئەوەی لە درێژەدا دێت ئەنجامی شیکارییەکەیە.

**یەکەم: ڕووکاری بەکارهێنەر (UI) (user interface)، ئەزموونی بەکارهێنەر (UX) (User experience)**

لێرەدا توێژەر پشتبەست بە لایەنی تیۆری لە ڕێگەی تێبینیکردنەوە شیکاری بۆ ڕووکاری بەکارهێنەر و ئەزموونی بەکارهێنەری زانکۆکانی (سلێمانی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، هەڵەبجە) دەکات:

**١- ڕووکاری بەکارهێنەر**

پێگە ئەلیکترۆنییەکان پێویستییان بە ڕووکارێکی ناوازە هەیە بۆ ئەوەی بەکارهێنەر هەست بە ئاسوودەیی بکات لە کاتی بەکارهێنانیاندا، لێرەدا توێژەر ئاماژە بە بنەماکانی دیزاینی ڕووکاری بەکارهێنەری هەر سێ پێگە ئەلیکترۆنییەکە دەکات، کە تا چەندێک پابەندی ئەو بنەمایانە بوون، وەک لە خوارەوە باسکراوە:

- **یەکگرتوویی:** لە پێگەی ئەلیکترۆنیی زانکۆکان لەگەڵ بوونی کەموکورتیدا، بەڵام بنەماکانی یەکگرتوویی لە ڕەنگ و تایپۆگرافی تا ڕادەیەکی زۆر پەیڕەو کراوە، لەبەر ئەوە کاریگەری ئەرێنی لەسەر گەیاندنی پەیام دەبێت.
- **هەستکردنی بەکارهێنەران بە کۆنترۆڵکردن:** لە پێگەی زانکۆی سلێمانی و پۆلیتەکنیکی سلێمانی بەکارهێنەر هەست بەوە دەکات کە تا ئاستێکی باش کۆنترۆڵی کردووە و بە کرتەکردن لەسەر لاپەڕەیەک دەچێتە سەر ئەو لاپەڕەیەی مەبەستیەتی و بەو هۆیەوە لە داهاتووشدا سەردانیان دەکاتەوە، بەڵام لە پێگەی ئەلیکترۆنیی زانکۆی هەڵەبجە بە کرتەکردن لەسەر لاپەڕەیەک لە شریتی مێنیودا (گۆڤاری زانکۆ بە نموونە) بێ ویستی بەکارهێنەر، پێگەکە زمانەکەی لە کوردییەوە دەبێت بە ئینگلیزی و وا دەکات بەکارهێنەر هەست بەوە بکات، کە کۆنترۆڵ لە دەستی ئەودا نییە و لەوانەیە لێی دەربچێت و دواتریش سەردانی ناکاتەوە، کەواتە پەیامەکانی وەک پێویست ناگەن و ئەمەش لەگەڵ ئامانجی پێگەکەدا یەک ناگرێتەوە و پێویستە لە ڕووی تەکنیکییەوە چارەسەر بکرێت و ئەو هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە.
- **پێدانی فیدباک:** لە پێگەی ئەلیکترۆنیی زانکۆی سلێمانی فیدباک هەیە بۆ ئەو پەیامەی ئاراستەی دامەزراوەکەی دەکەیت، بەڵام لێرەشدا هەڵەیەک هەیە و توێژەر پرسیارێکی ئاراستەی پێگە ئەلیکترۆنییەکە کردووە (2025/1/15) وەک لە وێنەی ژمارە (1) دیارە بە زمانی ئینگلیزی فیدباک هەیە کە نامەکە گەیشتووە و ناهێڵێت بێ ئیمەیڵ نامە بنێریت، بەڵام وەک چۆن لە ئینگلیزییەکە نووسراوە کە پەیوەندیت پێوە دەکەینەوە، کوردییەکە دەڵێت ئەم فۆرمە پڕ بکەرەوە، لە کاتێکدا دەبوو وەک ئینگلیزییەکە بوایە. هەروەها لەلایەن توێژەرەوە ڕێکەوتی (2025/2/14) ئیمەیڵێک ئاراستەی پێگەکە کراوە، بەڵام تا پێشکەشکردنی ئەم توێژینەوەیە وەڵامی ئەو ئیمەیڵە نەدراوەتەوە.

وێنەی ژمارە (1) فیدباکی زانکۆی سلێمانی




لە پێگەی ئەلیکترۆنیی زانکۆی هەڵەبجە فیدباک هەیە بۆ ئەو پەیامەی ئاراستەی دامەزراوەکەی دەکەیت، بەڵام لێرەشدا هەڵەیەک هەیە و توێژەر (2025/2/17) پرسیارێکی ئاراستەی پێگە ئەلیکترۆنییەکە کرد وەک لە وێنەی (2) دیارە فیدباک هەیە کە نامەکە گەیشتووە و ناهێڵێت بێ ئیمەیڵ نامە بنێریت، بەڵام وەک چۆن لە ئینگلیزییەکە نووسراوە کە پەیوەندیت پێوە دەکەینەوە، کوردییەکە دەڵێت ئەم فۆرمە پڕ بکەرەوە، لە کاتێکدا دەبوو وەک ئینگلیزییەکە بوایە.

وێنەی ژمارە (2) فیدباکی زانکۆی هەڵەبجە




sjh@univsul.edu.iq

ســـەبارەت بە پێگەی ئەلیکترۆنیی زانکۆی هەڵەبجە، ئیمەیڵ دانراوە بۆ پەیوەندیکردن، توێژەر ئیمەیڵێکی لە ڕێکەوتی (2025/2/26) ئاڕاستەکردن، بەڵام هیچ فیدباکێک نییە، کە ئایا نامەکەیان پێگەیشتووە، وەڵامت دەدەنەوە، یان نەخێر.
بۆ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، توێژەر لە ڕێکەوتی (2025/2/19) ئیمەیڵی ئاڕاستە کردوون، بەڵام وەڵامی ئیمەیڵەکە نەدراوەتەوە.

وەڵام نەدانەوەی ئیمەیڵ لەلایەن زانکۆکانەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی یان ئەو ئیمەیڵانە کارا نین، یان گرنگی بە وەڵامدانەوە نادرێت، کە کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر زانکۆکە و بە گرنگی نەدان بە ڕای بەکارهێنەران لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

- **ڕێگری لە هەڵە و چارەسەرکردنی هەڵەکان:** پێگەی ئەلیکترۆنیی هەر سێ زانکۆکە لە کاتی هەڵەدا ڕێگەت پێ نادەن و بژاردەی ڕاستکردنەوەی هەڵە لە ڕێگەی پێشنیار و ڕێنماییەوە بەردەستە کە چۆن ئیمەیڵ داخڵ بکەیت، یان فۆرم پڕ بکەیتەوە.
- **سادەیی ڕووکاری بەکارهێنەر:** پێگەی ئەلیکترۆنی زانکۆکانی سلێمانی، پۆلیتەکنیکی سلێمانی و هەڵەبجە تا ڕێژەیەکی زۆر سادەن و کارلێک لەگەڵیاندا ئاسانە، هەرچەندە هەندێک کێشەی تەکنیکییان هەیە و ناتوانیت بگەیتە هەندێک بەش لە شریتی مێنیودا، بەڵام لەگەڵ سادەیی و ئاسانی بەکارهێنانیشیاندا، کێشە تەکنیکییەکان دەبنە هۆی گرفت بۆ بەکارهێنەر و نەگەیشتنی پەیام وەک خۆی.

**٢- ئەزموونی بەکارهێنەر UX**

ئەزموونی بەکارهێنەر ئاماژەیە بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی پێگەی ئەلیکترۆنی لەلایەن بەکارهێنەرانەوە و لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە شیکاری بۆ ئەزموونی بەکارهێنانی پێگەی ئەلیکترۆنی هەر سێ زانکۆکە دەکرێت:

- **بنەماکانی دیزاینی ئەزموونی بەکارهێنەر:** لێرەدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە پێگەی ئەلیکترۆنیی سێ زانکۆکە تا چەند پابەندی بنەما بنەڕەتییەکانی دیزاینی ئەزموونی بەکارهێنەر بوون، ئەو بنەمایانەش بریتین لە:

أ. **هاوشێوەیی:** پێگەی ئەلیکترۆنیی هەر سێ زانکۆکە پابەندی هاوشێوەیی بوون، بۆ نموونە بە کرتەکردن لەسەر لۆگۆکانیان دەچیتە سەر لاپەڕەی سەرەکیی پێگەکە، ئەمە لە تێکڕای دیزاینی پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا هاوشێوەیە و بەکارهێنەر دەتوانێت ئەزموونێکی سەرکەوتوو ببینێت، کە گرنگە بۆ سەردانکردنەوە و گەیشتنی پەیامی مەبەست.

ب. **بینین:** پێگەی ئەلیکترۆنیی زانکۆکان پابەندی بینین بوون، بۆ نموونە ناونیشانی لاپەڕەکانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە شریتی پێگەکەدا دیار و ببینراون و بە یەک زمانن، کە وا دەکات بزانرێت یەک پێگەیە و لاپەڕەکان بە ڕوونی دەبینرێن.

ج. **توانای گەیاندن:** پێگەی ئەلیکترۆنیی زانکۆ ناوبراوەکان تا ڕادەیەک پابەندی توانای گەیاندن بوون، بۆ نموونە کە نووسراوە درێژەی بابەتەکە، یان زیاتر ئەوا درێژەی بابەتەکە پیشان دەدات، یان بابەتی زیاتر دەخاتەڕوو، وەک هەواڵی زیاتر، بەڵام هەندێک لە بەشەکان زانیارییان تێدا دانەنراوە، بۆ نموونە:


- زانکۆی سلێمانی لە بەشی توێژینەوە (ستاف، بڵاوکراوەکان) هیچ زانیارییەک بەردەست نییە، بەشی پێشهاتەکان لە ساڵی 2023وە نوێ نەکراوەتەوە، لە بەشی دەربارەدا کاتێک دەچیتە سەر پەیکەری زانکۆ فایلی هاوپێچ هەڵەیە و ناکرێتەوە، کەواتە پێویستە بە وردی بە دوای ئەو گرفتانەدا بگەڕێن و چارەسەر بکرێن و لاپەڕەکان بەردەوام نوێ بکرێنەوە.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034


- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی سەرجەم لاپەڕەکانی پێگەکە زانیارییان تێدایە و سوودیان لێ وەردەگیرێت و بەکارهێنەر ئەزموونێتی ئەرێنی دەبێت لەگەڵیدا.
- زانکۆی هەڵەبجە لە بەشی ساڵنامەی ئەکادیمی تا مانگی حوزەیرانی 2023 نوێ کراوەتەوە، دوای ئەوە هیچ زانیارییەکی دیکە بڵاونەکراوەتەوە، کاتێک دەچیتە سەر لینکی کۆلێژەکان، ڕاستەوخۆ دەبێت بە زمانی ئینگلیزی بێ ئەوەی بەکارهێنەر خوازیاری بێت. لە بەشی سەنتەرەکان هیچ سەنتەرێکیان داتای تێدا نییە. لە بەشی خوێندکاران – دەرچوان هیچ داتایەک بڵاونەکراوەتەوە، هەروەها لە هەمان بەشدا کە دەچیتە سەر پرسیارە باوەکان نووسراوێکی بێ واتا دەبینیت، کە لە بەشی نێودەوڵەتی - جووڵەی زانکۆش بە هەمان شێوە وەک لە وێنەی (3) دەردەکەوێت، دووبارە بووەتەوە، لەبەر ئەوە ئەم هەڵانە و نوێ نەکردنەوانەی لاپەڕەکان کاریگەری لەسەر ناوبانگ و متمانەی زانکۆکە دەبێت و بەکارهێنەر ناتوانێت ئەزموونێکی ئەرێنی هەبێت لەگەڵیدا و لە داهاتووشدا قورسە بگەڕێتەوە بۆی، مەگەر ناچار بێت.

وێنەی ژمارە (3) نووسراوی بێ واتای زانکۆی هەڵەبجە




بەشی چالاکییەکان - کۆنفرانسەکان لە ساڵی 2023وە هیچ بابەتێکی نوێ دانەنراوە، هەروەها بەشی چالاکییەکان - بڵاوکراوەکان لە ساڵی ۲02٢وە نوێ نەکراوەتەوە، کە بە واتای ئەوە دێت ئەو زانکۆیە گرنگی بەو بەشانە نادات و چالاکی کەمە. بڕوانە وێنەی (4)

وێنەی ژمارە (4) نوێ نەکرانەوەی بەشەکان




د. **کێشــانی نەخشــە:** پێگەی ئەلیکترۆنیی ســێ زانکۆی ناوبراو پابەندی نەخشــە بوون و بە کرتە کردن لەســەر لاپەڕەیەک ناوەرۆکی ئەو لاپەڕەیە دەکرێتەوە و بەکارهێنەر دەزانێت بە کرتە کردن چی ڕوودەدات، بەڵام وەک پێشــتریش ئاماژەی پێکراوە، هەندێک بەش زانیاریان تێدا نییە.

ه. **سنووورداری:** پێگەی ئەلیکترۆنی هەر ســێ زانکۆکە پابەندی سـنووردارین و ڕێگە نادەن لە کاتی پڕکردنەوەی فۆرمێکدا زانیاری هەڵە تێبپەڕێت، واتا بەکارهێنەر لە کاتی هەڵەدا ئاگادار دەکرێتەوە کە ڕاستی بکاتەوە و دڵنیا دەبێت کە ئەو کارەی ئەنجامی دەدات بە ڕاستی دەگات.

**دووەم: پێکهێنەرەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی**

پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەڕووی پەیام، جەماوەر و شــێوازی خســتنەڕووی زانیارییەکان جیاوازن، کە وا دەکات لەڕووی دیزاین و پێکهێنەرەکـانییەوە جیـاواز بن، لێرەدا ئـامـاژە بە پێکهێنەرەکـانی پێگەی ئەلیکترۆنی زانکۆکـانی ســـلێمـانی، پۆلیتەکنیکی سلێمانی و هەڵەبجە دەکەین، کە بریتین لە:

1. **هێدەر:** هەر سێ پێگەی ئەلیکترۆنیی زانکۆکانی سلێمانی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی و هەڵەبجە هێدەری گونجاویان هەیە.
2. **لۆگۆ:** هەر سێ پێگەی ئەلیکترۆنییەکە لۆگۆیان لە دیزاینەکەیاندا داناوە و لە لاپەڕەکاندا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ناسینەوە و خوێندنەوەی لۆگۆی زانکۆکانی پۆلیتەکنیکی سلێمانی و هەڵەبجە بە شێوە و قەبارەی گونجاو دانەنراون، کە ئاسان بن بۆ خوێندنەوە، چونکە وا پێویست دەکات لەگەڵ لۆگۆکە ناوی زانکۆکان بنووسرێت بۆ ئاسان خوێندنەوە و ناسینەوە، بەڵام زانکۆی سلێمانی بە ئاسانی لۆگۆکەی دەناسرێتەوە و ناوی زانکۆکەشی لە تەنیشت لۆگۆکەوە داناوەتەوە و بەکارهێنەر دەزانێت، کە لە پێگەی ئەلیکترۆنی هەمان دامەزراوەدایە. لۆگۆ ناسنامەی دامەزراوەیە پێویستە گرنگی زۆری پێ بدرێت و نووسینەکانی بە ڕوونی بخوێنرێنەوە.
3. **شریت (مێنیو):** شریتی پێگەکان لە دوو بەش پێکهاتوون. شریتی لاپەڕەکانی هەر سێ پێگەکە لە سەرەوەی لاپەڕەکەدا دەبینرێن و لانیکەم ناونیشانی هەموو لاپەڕە سەرەکییەکانی پێگە ئەلیکترۆنییەکەی تێدایە.
4. **ناوەرۆک:** لەڕووی ناوەرۆکەوە دەستڕاگەیشتن بە ناوەرۆکی بابەتەکانی ناو پێگەی ئەلیکترۆنیی زانکۆکان تا ئاستێک ئاسانە، چونکە هەندێک لاپەڕە یان زانیارییان تێدا نییە، یان زانیاری هەڵەیان تێدایە، بەڵام لە ڕاستیدا نابێت بەو شێوەیە بێت و پێویستە ناوەرۆکەکان بابەتی ڕاست بن و بەردەوام نوێ بکرێنەوە.
5. **بۆشایی سپی:** لە ڕووی بۆشایی سپییەوە (یان بۆشایی نەرێنی)، کە پێویستە بەپێی پلان بێت، بەڵام لەم سێ پێگە ئەلیکترۆنییەدا ڕەچاو نەکراوە و بۆشایی سپی ناپێویست زۆرە، لە هەمان کاتیشدا هاوسەنگی و یەک ئاست و قەبارەی بۆشاییەکان نابینرێت، کە وای کردووە کە بۆشایی سپی زۆر بێت و لە ڕووی دەروونییەوە کاریگەری لەسەر بەکارهێنەر دروست دەکات بە جێهێشتنی پێگەکە و دووبارە سەردان نەکردنەوەی.
6. **فوتەر:** لە خوارەوەی لاپەڕەکەدایە و نەخشەی سەرەکیی پێگە ئەلیکترۆنییەکە دەخاتەڕوو، وەک مێژووی دروستکردنی ماڵپەڕ، مافی چاپکردن، پەیوەندی و زانیاری یاسایی و چەند بەستەرێک بۆ بەشە سەرەکییەکانی ماڵپەڕەکە. بۆ پێگەی ئەلیکترۆنیی هەر سێ زانکۆکە ڕەچاوی سەرجەمی ئەو زانیارییانەیان کراوە.

**سێیەم: کێشە تەکنیکییەکانی ڕووکاری بەکارهێنەر**

1. **پێگەی ئەلیکترۆنی زانکۆی سلێمانی**

- وێنەکانی هەواڵی زانکۆی سلێمانی: نەگونجاوی و نارێکی لە دانانی وێنەی (thumbnail) هەیە، بە جۆرێک کە بە ڕوونی وێنەکە نابینرێت. هەروەها گرفتی وێنەی سەرەکی بەدی دەکرێت، کە بە تەواوی دەرناکەوێت و قەبارەی گونجاو لەبەرچاو نەگیراوە و تا کرتەی لەسەر نەکرێت وێنەکە بە تەواوی دەرناکەوێت، بڕوانە وێنەی (5) کە کاریگەری نەرێنی لەسەر گەیشتنی پەیام هەیە و دەریدەخات وەک پێویست گرنگی نەدراوە بە دیزاینی پێگەکە و قەبارەی ئەو وێنانەی تێیدا بڵاودەکرێنەوە.


sjh@univsul.edu.iq

وێنەی ژمارە (5) گرفتی وێنەی سەرەکی




- لە بژاردەی مێنیو بەشـی چالاکییەکان، بەکارهێنەر بە هیچ شـێوەیەک ناتوانێت دەسـتی بگات بە بژاردەکان ئەویش بە هۆی کێشـەی تەکنیکیی ڕووکاری بەکارهێنەرەوە ڕوودەدات، کاتێک دەچیتە سـەر بژاردەی چالاکییەکان بۆکسـەکە لەلای ڕاست دەردەکەوێت و کاتێک دەتەوێت یەکێک لە بژاردەکان دەسـتنیشـان بکەیت، ڕاسـتەوخۆ بۆکسـەکە دادەخرێتەوە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی بەکارهێنەر لە پێگەکە بچێتە دەرەوە و ئەو زانیارییەی بە دوایدا دەگەڕێت بەدەسـتی نەهێنێت. بڕوانە وێنەی (6)

وێنەی ژمارە (6) گرفتی دەستڕاگەیشتن بە بژاردەکان





هێمای هەڵبژاردنی زمان ئاڵای کوردستان، عێراق و ئەمریکا دانراوە، لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا تەنیا عێراق بە عەرەبی و ئەمەریکا بە ئینگلیزی دەنووسـن، بۆ چارەسـەری ئەمە تەنیا ناوی زمانەکە بە نووسـین بنووسـرێت. بڕوانە وێنەی (7) لە هەمان کاتدا ئەگەر لە وێنەکە بڕوانین ئاڵای ئەمەریکا لە ئاڵای کوردستان و عێراق بچووکترە.

وێنەی ژمارە (7) هەڵبژاردنی زمان




- کاتێک لە لاپەڕەی سەرەکی دەچیتە سەر بەشی ئەکادیمی و لەوێشەوە بۆ سەر وەرگرتنی خوێندکار، لەو لاپەڕەیەدا بەستەرێک ئاماژە بە چوون بۆ لاپەڕەی تۆماری گشتی دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەی بەشی تۆماری گشتی کارایە و بەشەکانی زانیاریان تێدایە، بەڵام سەرەتا دەنووسێت لاپەڕەکە نەدۆزرایەوە. وەک لە وێنەی (8) دەبینرێت.

وێنەی ژمارە (8) نەدۆزرانەوەی لاپەڕە




2. **پێگەی ئەلیکترۆنیی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی**

– کێشەی thumbnail: نەگونجاوی لە دانانی وێنەی (thumbnail) هەیە، بە جۆرێک کە وێنەکە هیچ پەیوەندییەکی بە ناوەرۆکی بابەتەکەوە نییە. بڕوانە وێنەی (9)

وێنەی ژمارە (9) نەگونجاوی وێنەی (thumbnail)



- لە لاپەڕەی هەواڵ و چالاکییەکاندا ڕەچاوی یەکگرتوویی قەبارەی وێنەکان نەکراوە و ئاڵۆزی دروســـــت کردووە و بەکــارهێنەر بێزار دەبێـت و لەوانەیە لە پێگەکەدا بەردەوام نەبێـت و لە پێگە ئەلیکترۆنییەکە بچێتە دەرەوە. بڕوانە وێنەی(10)

وێنەی ژمارە (10) ڕەچاونەکردنی یەکگرتوویی قەبارەی وێنەکان



– ڕووکارەکە قاڵبی ئامادەکراوە و بەشێکی زۆری نەکراوە بە کوردی، بۆ نموونە لە بری درێژەی بابەت نووسراوە ( Read more)، لە بری بابەتی داهاتوو، یان بابەتی پێشتر نووسراوە (Previous post، Next post)، لە بری هاوبەشی بکە نووسراوە (share)، لە بری هاوپۆلەکان (بەشەکان) نووسراوە (Categories) و چەندین نموونەی دیکە لە کۆی پێگەکەدا دەبینرێت، کە دەبێتە هۆی سەر لێشێواوی سەردانکەر، بە تایبەتی ئەگەر زمانی ئینگلیزی نەزانێت، ئەوا پەیامی زانکۆکە ناگات و ناتوانێت زانیارییەکان بەدەست بهێنێت. بڕوانە وێنەی (11)

وێنەی ژمارە (11) نەکردنی بە کوردی بەشێک لە قاڵبی پێگەی ئەلیکترۆنیی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی





– بۆشایی لە نێوان دێڕەکاندا هاوسەنگ نین، بۆ نموونە کاتێک ناونیشان دەبێت بە دوو دێڕ، مەودای نێوان دوو دێڕەکە کەم و نەگونجاوە و هەندێک جار پیتەکان دەچنە سەر یەک. بڕوانە وێنەی (12)

وێنەی ژمارە (12) ناهاوسەنگی بۆشایی نێوان دێڕەکان




- لە کاتی کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتییەکان) لە شـریتی مێنیو، دەبینین کە خۆی چوار بەشـە، بەڵام لە بینیندا هەسـت دەکەیت حەوت بەشـــە، چونکە ڕەچاوی بۆشـــایی نێوان دێڕەکان نەکراوە، کە دەبوو ئەو بەشـــەی کە بە دوو دێڕ نووســـراوە، نووسینەکانیان لە یەکتر نزیکتر بێت. بڕوانە وێنەی (13)

وێنەی ژمارە (13) ڕەچاو نەکردنی بۆشایی نێوان دێڕەکان




- لە شریتی مێنیودا لە بەشی (ئەکادیمی) کاتێک دەیکەیتەوە دوو بەشی کۆلێجەکان و پەیمانگاکان هەیە. بەڵام کە دەچیتە سەر کۆلێجەکان، خۆی دەکرێتەوە و ڕێگە نادات بەکارهێنەر پەیمانگاکان بکاتەوە، بڕوانە وێنەی (14).

وێنەی ژمارە (14) گرفتی کردنەوەی بەشەکان





وەک لە وێنەی (15) دەبینرێت، کۆلێجەکان بەشی پەیمانگاکانی داپۆشیوە و ناتوانرێت کرتەی لەسەر بکرێت.

وێنەی ژمارە (15) گرفتی کرتەکردن لەسەر بەشەکان




- هەندێک بەش لە پێگەکە کاتێک کرتەی لەســەر دەکەیت و دەیکەیتەوە، شــریتی پێگەکە نامێنێت، هەروەها لە ڕێگەی کرتە لەسـەر لۆگۆکەوە ناتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ لاپەڕەی سـەرەکی، ئەم هەڵە تەکنیکییەش لە ناسنامەی زانکۆ، ستافی ئەکادیمی و دڵنیـایی جۆریدا دووبـارە بووەتەوە، تەنیـا لە ڕێگەی دوگمەی گەڕانەوە دەگەڕێیتەوە بۆ لاپەڕەی پێشـــتر، کەواتە کـاتێـک بەکارهێنەر دەچێتە سەر ئەو بەشانە نازانێت لە کوێیە و لە چی پێگەیەکە و ڕێی لێ بزر دەبێت و بە ناچاری دەچێتە دەرەوە و ئەزموونێکی نەرێنییە و کاریگەری لەسەر گەیشتنی پەیام دەبێت. بڕوانە وێنەی (16)

وێنەی ژمارە (16) دەرچوون لە پێگەی سەرەکی




لە (چالاکییەکان) کە ڕێکەوت نووسراوە، بەشێکی نووسینەکە دەچێتە سەر بۆشاییە سپییەکە و ناخوێنرێتەوە، بە تایبەتی لەو کاتانەدا کە مانگەکە لە دوو وشــە پێکهاتبێت، لەم بارەدا چارەســەرەکەی بە ڕێکخســتن دەبێت و پێویســتە لە کاتی دیزایندا ڕەچاو و چارەسەر بکرایە. بڕوانە وێنەی (17)

وێنەی ژمارە (17) گرفتی ڕێکخستنی تایپۆگرافی




- بۆ گۆڕین و هەڵبژاردنی زمان زانکۆی پۆلیتەکنیکی ســلێمانی ئاڵای کوردســتان، عێراق و بەریتانیای داناوە، کە دەبوو بە شیوەی نووسین ناوی زمانەکە بنووسرایە، چونکە تەنیا بەریتانیا بە ئینگلیزی و تەنیا عێراق بە عەرەبی نانووسێت. بڕوانە وێنەی (18)

sjh@univsul.edu.iq

وێنەی ژمارە (18) هەڵبژاردنی زمان




### 3. پێگەی ئەلیکترۆنیی زانکۆی هەڵەبجە


– کێشــە لە دەرکەوتنی ئایکۆنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، بە جۆرێک خوێنەر بەشــی ناردن بە ئیمەیڵ و ئایکۆنی تویتەر، کە لە ئێســـتادا بووە بە تۆڕی کۆمەڵایەتی (X) دەرناکەوێت و نەگۆڕدراوە بۆ لۆگۆی نوێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکە. بڕوانە وێنەی (19)

وێنەی ژمارە (19) دەرنەکەوتنی ئایکۆن




ڕێکخســـتنی نێوان وێنە و دەق هـاوســـەنـگ نییە، کە وەک پێگەیەکی کەســـی متمـانە پێ نەکراو دەردەکەوێت، نەک دامەزراوەیەکی فەرمی متمانە پێکراو. بڕوانە وێنەی (20)

وێنەی ژمارە (20) ڕێکنەخستنی نێوان وێنە و دەق




**دەرەنجام**

1. لە ڕووی ڕووکاری بەکارهێنەرەوە پێگەی ئەلیکترۆنیی زانکۆکانی سـلێمانی، پۆلیتەکنیکی سـلێمانی، هەڵەبجە کەمترین کەموکورتییان هەیە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ گەیشتنی پەیامی پەیوەندییە گشتییەکان.
2. لەڕووی ئەزموونی بەکـارهێنەرەوە، پێگە ئەلیکترۆنییەکـانی ئەو زانکۆیـانە گرفتیـان هەیە و بەکـارهێنەر لە کـاتی سـەردانکردنیدا ناتوانێت بگاتە هەندێک زانیاری، چونکە هەندێک لە بەشـەکان زانیارییان تێدا بڵاونەکراوەتەوە، یاخود زانیاری هەڵەی تێدایە.
3. پێگەی هەر سێ زانکۆکە لە دیزاینی پێگەکانیاندا پێکهێنەرەکانی پێگەی ئەلیکترۆنییان بەکارهێناوە، کە خاڵێکی ئەرێنییە بۆ زانکۆکان.
4. هەڵە تەکنیکییەکان لە ڕووکاری بەکارهێنەردا بە جۆرێکن کە ئاسـتەنگ بۆ بەکارهێنەر دروسـت دەکەن، و دەبێتە هۆی بێزارکردنی بەکارهێنەر و کەمتر مانەوە لە پێگەکەدا و کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەیاندنی پەیام دەبێت.
5. پێگەی ئەلیکترۆنی زانکۆکان گرنگی بە فیدباک نادەن و وەڵامی ئەو ئیمەیڵانە نادەنەوە کە ئاراستەیان دەکرێت.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:**

1. عەلی، شـــۆخـان ابوبكر، "بەكارهێنانی بنەماكانی گرافیک دیزاین لە پێگەی ئەلیكترۆنی زانكۆ حكومییەكانی هەرێمی كوردستان"، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، ژ.٧٤، بەرگی یەکەم، (2023).
2. محمد، سەرکەوت احمد، 2023، کاریگەری نەخشەسازی لە گەیاندنی پەیامی میدیایی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، نامەیەکی ماستەرە پێشکەشی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە.
3. عومەر، بەهمەن، 2020، دەروازەی گرافیک دیزاین، سلێمانی: کتێبخانەی لالەزار.
4. مستەفا، ڕێبەر گۆران و ڕەحمان، بڕوا عوسـمان، 2021، "پێگەی گرافیک دیزاین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا"، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی 8، ژ. 4.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**

5. مصـطفى، هديل محمد احمد، 2017، أثر التصـميم الجرافيكي في قابلية اسـتخدام المواقع الالكترونية للجامعات الأردنية، رسالة ماجستير قدمت الى كلية العمارة و التصميم جامعة الشرق الاوسط، الاردن.
6. العربي، رمزي، 2008، التصميم الجرافيكي، الطبعة الثانية، عمان.
7. شلار، محمد زاهر، 2021، أساسيات تصميم الرسوميات، الطبعة الاولى، ب.م.
8. عيد، احمد جمال احمد، 2014، أسس التصميم الجرافيكي، الطبعة الاولى، مصر: دار محسن للطباعة.
9. الساعي، ندى، ٢٠٢٠، تكوين صفحة الويب، الجمهورية العربية السورية: الجامعة الافتراضية السورية.
10. حياوي، محمد، بدون السنة، أسس التصميم الصحفي، ب. م.
11. الشعراوي، احمد و سيف‌الدين، سـامر، ٢٠٢٠، التصـميم لاجرافيكي، الجمهورية العربية السـورية: الجامعة الافتراضـية السورية.
12. حسن، عباس ناجي، 2016، الوسائط المتعددة في الاعلام الاكتروني، عمان: دار صفاء للنشر و التوزيع.
13. اللبدي، نزار عوني، 2015، ادارة العلاقات العامة و تنيميتها، الطبعة الاولى، عمان: دار دجلة.
14. نطقی، حمید، 2018، مدیریت و روابط عمومی، چاپ دوم، تهران: انتشارات دانشگاه علامه طباطبائی.
15. جودة، محفوظ احمد، 2002، العلاقات العامة مفاهيم و ممارسات، الطبعة الرابعة، عمان: دار زهران للنشر.
16. عقيلان، عبدالله احمد، 2015، ادارة العلاقات العامة، الطبعة الاولى، عمان: دار المعتز للنشر و التوزيع.
17. صالح، محمد وليد، 2016، العلاقات العامة و تمكين السياسي للمرأة، الطبعة الاولى، عمان: دار امجد للنشر و التوزيع.
18. موسى، باقر، 2014، الصورة الذهنية في لعلاقات العامة، الطبعة الاولى، عمان: دار أسامة للنشر و التوزيع.
19. عميرات، آمال، 2019، مهارات الاتصال في لعلاقات العامة، الطبعة الاولى، عمان: دار أسامة للنشر و التوزيع.
20. الشمري، علي جبار، 2011، الاساليب العلمية في ممارسة العلاقات العامة، قاهرة: العربي للنشر و التوزيع.
21. الصحن، محمد فريد، 2014، *العلاقات العامة المبادىء و التطبيق*، الاسكندرية: دار الجامعية.
22. الزعبي، علي و السمعيات، مروان بدر، 2019، *العلاقات العامة المبادىء و التطبيق*، عمان: دار اليازوري العلمية.

23. عقيلان، عبدالله احمد، 2015، *ادارة العلاقات العامة*، الطبعة الاولى، عمان: دار المعتز للنشر و التوزيع.
24. حافظ، محمد عبده، 2009، *العلاقات العامة*، القاهره: دار الفجر للنشر و التوزيع.

**سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان:**

25. تنچ، رالف و يئومانز، ليز، 2019، روابط عمومی بین‌المللی، ترجمه: اسدی، عباس و اکبری، محمد، جلد اول، چاپ دوم، تهران: انتشارات آثار فکر.
26. طاهری، محمد، 2021، قوانین و مقررات در روابط عمومی، چاپ دوم، تهران: انتشارات ساکو.
27. ویلکاکس، دنیس ال. و دیگران، 2021، روابط عمومی نقش، فرایند و استراتژی، ترجمه: اعرابی، محمد و ایزدی، داوود، جلد اول، چاپ ششم، تهران: دفتر پژوهشهای فرهنگی.
28. قاضی، علی میرسعید، 2013، تئوری و عمل در روابط عمومی و ارتباطات، چاپ یازدهم، تهران: انتشارات مبتکران.
29. محمدپور، وحید، 2019، مبانی روابط عمومی، چاپ یکم، تهران: انتشارات ساکو.
30. اولیور، ساندرا، 2012، استراتژی روابط عمومی، ترجمه: اعرابی، محمد و فیاضی، مرجان، چاپ دوم، تهران: گنجینه تهران.
31. اسفندی، محمد، "تولید محتوا و ارتباطات گرافیکی"، سومین کنفرانس بین المللی رویکردهای نوین در علوم انسانی، (2016).
32. افروز، محمدرضا و فغانی، مهران، 2013، طراحی گرافیکی رنگی شامل مفاهیم گرافیک رنگی، چاپ سوم، بابل: معین پرداز.
33. کارشاما، دیواکار، 2005، روابط عمومی حرفه‌ای بالنده ترجمه: کیوان مهر، میترا، چاپ اول، تهران: سازمان چاپ و انتشارات.
34. یحیایی ایله‌ای، احمد، 2019، روابط عمومی حرفه‌ای، چاپ ششم، تهران: چاپخانه طرح و نقش.
35. یحیایی ایله‌ای، احمد، 2017، روابط عمومی چیست؟، تهران: سیمای شرق.

**چوارەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

36. Schifferstein, Hendrik N.J., et al, An exploratory study using graphic design to communicate consumer benefits on food packaging, Food Quality and Preference, 97, (2022).
37. Dubner, David & Stewart, Sandra, et al, 2014, Graphic Design School, 5th Edition, China: 1010 Printing International Ltd.
38. Graver, Amy & Jura, Ben, 2012, Best practiced for Graphic Designers, 1st Edition, USA: Rockport Publishers.
39. Samara, Timothy, 2011, Typography Workbook, 2nd Edition, USA: Rockport Publishers.

40. Landa, Robin, 2019, Graphic Design Solution, 6th edition, USA.
41. Graham, Lisa,2005, Basics of Design, 2nd edition, USA.
42. Landa, Robin, 2011, graphic design solution, 4th Edition, USA: Wadsworth.
43. Knight, Westley, 2019, UX for Developers, USA: Springer.
44. Vizons Design, 19.12.2024, Why You Need Balance In Graphic Design, vizonsdesign.com, Jan 27, 2021, https://www.vizonsdesign.com/why-you-need-balance-in-graphic-design.
45. Milosevic, Mladen, 19.12.2024, Mastering Unity Principle of Design: Comprehensive Breakdown, designrush.com, Nov 29, 2024, https://www.designrush.com/best-designs/logo/trends/unity-principle-of-design.
46. Lowdermilk, Travis, 2013, User-Centered Design, USA: O'Reilly Media.
47. Gillis, Orlee, 19.12.2024, How to Use Contrast in Web Design: Tips and Examples, elementor.com, Jan 21, 2021, https://elementor.com/blog/contrast-web-design.
48. Beaird, Jason & George, James, 2014, The Principles of Beautiful Web Design, 3rd Edition, USA: Site Point.
49. Coursera Staff, 19.12.2024, What Is UI Design? Definition, Tips, Best Practices, coursera.org, Nov 21, 2024, https://www.coursera.org/articles/ui-design?isNewUser=true.
50. Rutter, Richard, 2017, Web Typography, UK: Ampersand Type.
51. Smith, Ron, 2014, Public Relations the basics, 1st Edition, USA: Routledge.
52. Gavin, Ambrose & Harris, Paul, 2009, The Fundamentals of Graphic Design, Switzerland: AVA Publishing.
53. Hembree, Ryan, 2009, The Complete Graphic Designer, USA: Rockport Publishers.

**Abstract**

This research aims to explore the role of graphic design on the effectiveness of public relations messages, with particular emphasis on website design. In today's digital era, websites have become the quickest and most accessible means of communication, as people increasingly depend on modern technology in their everyday lives.

To achieve this, the researcher employed a descriptive methodology complemented by qualitative analysis, utilizing academic sources and examining the websites of three institutions: the University of Sulaimani, Sulaimani Polytechnic University, and Halabja University. The objective was to gather, describe, and analysis data related to graphic design and its influence on the communication of public relations messages.

The findings indicate that graphic design is key in this domain. It captures users' attention, encourages extended interaction with the website, and shapes their perceptions of the institution. Effective design also facilitates clearer information sharing, enhancing the overall connection between the institution and its audience.

When evaluating the user interface design of university websites, the websites for Sulaimani University, Sulaimani Polytechnic University, and Halabja University exhibit the fewest shortcomings, making them practical for conveying public relations messages. However, there are notable issues regarding user experience. Visitors often struggle to access certain information due to some departments not publishing content or providing incorrect details. Additionally, technical errors within the user interface create barriers for users, leading to frustration and reduced time spent on the site, ultimately hindering the effective delivery of messages.

**Keywords: graphic, graphic design, public relation, message, website design**